شێرکۆ بێکەس لە دیدارێکی تایبەتدا بۆ (زەنگ):

# ئەو کاتەی بەیاننامەی (ڕوانگە)مان بڵاوکردەوە، شتێك نەبوو بەناوی (گروپی کفری)یەوە

ئامادەکردنی/ سامان کەریم – سلێمانی

سەرەتای حەفتاکان شێرکۆ بێکەس و جەلالی میرزا ئاغا و حسێن عارف و کۆمەڵێکی تر، بەناوی گۆڕان لە بزووتنەوەی شیعر و ئەدەبی کوردیدا بەیاننامەی (ڕوانگە)یان بڵاوکردەوە.. هەر ئەو دەمەش لەتیف هەڵمەت و لەتیف حامید و فەرهاد شاکەلی و کۆمەڵێکی تر، بەهەمان بانگەشەوە (گروپی کفری)یان ڕاگەیاند..

ڕێچکە شکاندن لە شیعری کوردیدا لەلایەن کامیانەوە بووە؟ ئەو پرسیارە تا ئێستا جێی مشتومڕە. بۆ قسەکردن لەو باسە، شێرکۆ بێکەس لەم دیدارەدا چەند مەسەلەیەکی ئەورووژێنێت:

زەنگ: لەم دیدارەدا باسی سەردەمێك ئەکەین کە بەشێکە لە مێژووی ئەدەبی کوردی و تا ئێستاش جێی مشتومڕە، باسی بەیانی ڕوانگە و گروپی کفری ئەکەین، واتا کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو، تۆ چۆن باسی گروپی ڕوانگە ئەکەیت؟

*بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕۆژگارەی کە بزووتنەوەی ئەدەبی لە کوردستاندا گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هات و باشتر دەرگای ئازادی لەبەردەمدا کرایەوە، کە مەبەستم دوای ڕاگەیاندنی بەیانی یانزەی ئازارە. لەراستیدا ئەو بەیاننامەیە کەش و هەوایەکی تازەی هێنایە ئاراوە، جۆرێك لە ئازادی جۆرێك لە ڕادەربڕین، ئەگەرچی سنورداریش بووبێت، بەڵام لەو کاتەدا بۆ ئێمە نەبینراو بوو، چونکە دوای ساڵانێکی شۆڕش و ژیانی پێشمەرگایەتی بەیاننامەکە دەرفەتێکی تازەی بۆ کورد ڕەخساند، بەتایبەتی بۆ بووژاندنەوەی ژیانی هونەری و ئەدەبی لەهەموو ڕوویەکەوە..

دیارە هەر ئەو سەردەمە خۆی لە عێراقیشدا کە بزووتنەوەی نوێخوازی گوڕ و تینێکی تازەی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو، بەتایبەتی لەناو نەوەی نوێخوازاندا، بەتایبەتی ئەو کاتە ئەوان بە بەیانی ٦٩ی شیعر ناسراو بوون وەك فازڵ عەزاوی و سامی مەهدی و خالید عەلی مستەفا و کەسانی تر. ئێمە ئەو کاتە لە بەغدا بووین لە نزیکەوە تێکەڵاویمان هەبوو لەگەڵ ئەو ئەدیبە نوێخوازانەدا، ئەمە کاریگەری هەبوو. جگە لەوەش دنیا بەشێوەیەکی گشتی لەگۆڕاندا بوو، ئەو سەردەمە، سەردەمی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی بوو لە دنیادا، سەردەمی پیاوانی نمونەیی وەك گیڤارا بوو.. دوای شۆڕشی قوتابیانی فەرەنسا بوو، ئەمانە هەموویان دەستنیشانی گۆڕانێکیان ئەکرد لەهەموو بوارەکانی تری ژیاندا بەئەدەبیشەوە، بۆ ئەوەی لە قالبێکی چەق گرتوودا نەمێنێتەوە و بتوانێ دەنگی نوێ، زمانی نوێ، داهێنانی نوێ بهێنێتە ئاراوە. دیارە ئێمە کەوتینە ژێر کاریگەری ئەمانەوە بەگشتی.. خۆشمان لەو سەردەمەدا زۆر چالاکانە لە خوێندنەوەدا بووین، بۆ نمونە گەلەری ٦٨ کە گۆڤارێکی میسری بوو ئێمە دەستمان ئەکەوت و ئەمانخوێندەوە..

ئەبێ ئەوە بڵێم کە ئەدەبی کوردی لەشەستەکاندا ئەدەبێك بوو بەهۆی دۆخی نێوخۆیی کوردستان و نەبوونی هیچ جۆرە ئازادیەکەوە لە گۆمێکی مەنگ و ڕاوەستاو ئەچوو، ئێمە لە شەستەکاندا جگە لەچەند دەنگێك وەك دیلان و کامەران شتی

گەورە نەبوو لە ئارادا، ئەدەبی کوردی سست بوو، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە ئێمە بیر لەوە بکەینەوە کە پێویستە بەیاننامەیەك دەربکەین..

ئیمزاکەرانی ئەم بەیانەش هیچ پەیوەندیەکیان بە ئایدۆلۆژیایەکی مەعلومەوە نەبوو، ئێمە هەر یەکەمان بە جۆرێك جیاواز بیرمان ئەکردەوە، بۆ نمونە من لەگەڵ حسێن عارفی چیرۆکنووس دوو بیرکردنەوەی جیاواز بووین، هەروەها جەلالی میرزا کەریم و کاکە مەم بۆتانی (کە بەلای منەوە ئەگەر باس لە ڕوانگە بکرێ ئەبێ باس لەم سێ، چوار کەسە بکرێت) زۆر جیاواز بووین.. ئەتوانین بڵێین دوای جۆرێك لەساردبوونەوەش بوو لەکاری سیاسی، حزبی.. بەڵام ئەمانویست لەڕووی ئەدەبەوە بەبیرێکی تر بۆ ئەو بۆشاییە بدۆزینەوە کە خۆمانی تێکەوتووین. دیارە هەر یەك لەو کەسانە خاوەنی بەهرەیەك بوو بەڵام ئەو بەهرەیە مابووی بۆ ئەوەی بتوانێت بتەقێتەوە، ئەدەبێك بهێنێتە ئاراوە کە ئەدەب داهێنانکاری بێت. ئەنجامی هەموو ئەو کاریگەریانەی ناوەوە و دەرەوە و ئەنجامی خوێندنەوەی خۆمان گەیشتینە ئەوەی کە پێویستە ئەم گۆمە مەنگە بشڵەقێنین، ئەگەر ڕوانگەش بەوە وەسف بکەین کە بەردێك بوو گۆمێکی شڵەقاند، خۆی لەخۆیدا بۆ ئەو رۆژگارە زۆر بوو.. بووە هۆی ئەوەی کە مشتومڕێکی ئەدەبی بخاتە ناو ناوەندی ڕوناکبیری و ئەدەبی ئەوکاتەوە.. ئەوە بوو ئێمە لەڕێی رۆژنامەی (هاوکاری)یەوە و هەر لەوێشدا بەیانەکەی خۆمان بلاوکردەوە، دیارە بەیارمەتی و هاوکاری کاك سەربەست بامەڕنی و کاك کەمال ڕەئوف کە وەختی خۆی لە (هاوکاری) بوون.. دوای ئەوە ئیتر جۆرێك لەجوڵەی دروستکرد، دوای ئەوەش زنجیرەیەك نووسینی رەخنەگرانەی بەدواداهات، چ وەك پاڵپشتی و چ دژی ڕوانگە.

راستیەکەی ڕوانگە بەیانێکی قوڵ نەبوو کە چووبێتە بنج و بنەوانی شتەکانەوە، تەنها هاوارێك بوو بۆ مەسەلەی تازەکردنەوە و نوێخوازی لەئەدەبی کوردیدا. دیارە ئێمە ئەوکاتە پەیوەندیمان بە کۆمەڵێك کەسی نوێخوازی تری ئەو سەردەمەوە کرد بەتایبەتی خوالێخۆشبوو لەتیف حامید و لەتیف هەڵمەت، سەردانی تایبەتیمان کرد بۆ کەرکوك لەگەڵیاندا دانیشتین.

زەنگ: لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەیانەکەدا سەردانی ئەوانتان کرد؟

*نەخێر پێش ئەوە، تەنانەت زۆریان پێ باش بوو شتێکی وا بکرێت، بەڵام بۆچی بەشدار نەبوون، نازانم؟! ئەگینا ئێمە ئەمانویست بەیەکەوە بەیانەکە دەربکەین، نازانم ئیتر شتی سیاسی لەپشتەوە بوو کە ئەوان بەشداریان نەکرد یان چیتر بوو؟! بەڵام ئەوەندە ئەزانم کە ئێمە بەدەیان شەو پێش ئەوە لە بەغدا لەگەڵ لەتیف حامید و ئەواندا دائەنیشتین، بەتایبەت لەتیف حامید ئەو وەختە زیاتر دەنگ بوو، دیارە کاك لەتیف هەڵمەت بەتەمەن لەو بچوکتر بوو.. ئەوکاتە شتێك نەبوو لەئارادا پێی بوترێ گروپی کفری.

زەنگ: واتا ڕوانگە پێش گروپی کفری هەوڵیدا ڕێچکە بشکێنێ لە ئەدەبی کوردیدا؟

*ئەمەیان جیاوازە، من مەبەستم لە بەیاننامەی ڕوانگەیە، بەڵام شتێك نەبوو لەو کاتەدا بەناوی گروپی کفرییەوە، ئەو ناوە لەم ساڵانەی دوایدا باسکراوە، ئەگینا لەو کاتەدا نەبووە. تۆ ناتوانی ئێستا شتێکم پیشان بدەیت و بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە لێی نووسرابێت گروپی کفری!.

زەنگ: ڕەنگە بەکردار بوونیان هەبووبێت؟

*شتی وا هەر لە بنەڕەتدا نەبوو، لەدواتردا ئەم مەسەلەیە لەلایەن ئەو برادەرانەوە باسکرا کە خۆیان خەڵکی کفری بوون، یان بەیەکەوە لەتەمەنێکدا بوون، لەئەزمونێکدا کاریان کردووە، بەڵام ئێمە ئەوکاتە ئەگەر یەکتریشمان بینیبێت وەك یەك کۆمەڵ بووین، تۆ لەم بەیاننامەیەدا لەگەڵما ئەبیت یان نابیت، ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە.

ئەوەی کە ڕوانگە کردی" یەکەم شڵەقاندنی ئەو گۆمە مەنگە بوو، دوەمیش سەرەتای دروستکردنی بزووتنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بوو لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا. جگە لەوە ئێمە نەك بەتەنها لە ئەدەبدا، بەڵکو لەمەسەلەی کۆمەڵایەتیشدا کەوتبووینە کۆمەڵێك کیشەوە، لەوانە وەك رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەشێك لە مەلاکانی کوردستان دەربارەی مەسەلەی ئازادی ژن. کاتی خۆی ساڵی ۱۹۷۱ مامۆستا جەمال شاڵی نامیلکەیەکی دەرکرد دەربارەی ئازادی ژن قسەی کردبوو، هەندێك لە مەلاکان لێیان کرد بە هەرا و لە نوێژی هەینیدا قسەیان لەسەر کرد، ئێمە بە وەڵام هاتین و بەیانێکمان دەرکرد بەناوی "ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن" دوای ئەمە تەقیەوە، مەسەلەکان گەورە بوونەوە، مەلاکان لیژنەیەکیان دروست کرد چوون بۆ لای مەلا مستەفا بۆ ئەوەی شکاتمان لێبکەن و وەك کافرمان لەقەڵەم بدەن، بێگومان ناوی ئێمە لە بەردەم مزگەوتەکاندا هەڵواسرا بوولەسلێمانی، ناوی خەڵکی تریشی تێکەڵ کرابوو.. تەنانەت ئێمە لێرە ڕامان کرد، ئێوارەیەك بەرد بارانیان کردین.. چوینە بەغدا، لەوێ سەردانی رۆژنامەی (التاخی)مان کرد بۆ لای مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم پێمان وت مەسەلەیەکی وا هەیە، ئەو چەکمەجەکەی کردەوە پڕی بوو لە بروسکە، وتی من ئەتوانم هەر ئەمانە بلاونەکەمەوە ئەگینا چیترم پێناکرێت..

لەراستیدا شتێکی تریش هەیە حەز ئەکەم ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە کە لەو دانیشتنەی بارزانیدا کە مەلاکان لەوێ ئەبن و دژی ئێمە قسە ئەکەن، ئەگەر فرانسۆ هەریری نەبوایە لەو دانیشتنەدا شتەکان زۆر ئەگۆڕا، چونکە ئەو زۆر پشتگیری ئێمەی کردبوو بەبێ ئەوەی بمانناسێ.. لەولاشەوە، لەکۆشکی کۆمارییەوە سەربەست و ئەوانی تریان بانگ کردبوو، بەڵام ئەوکاتە بەعس مەسەلەی ئایینی مەبەست نەبوو بەبەراورد لەگەڵ مەسەلەی نەتەوەییدا.. لێی بێدەنگ بوون تەنها ئەوە بوو کە بۆ ماوەی هەفتەیەك رۆژنامەی (هاوکاری) داخست کە بۆ یەکەمجار بوو رۆژنامەیەکی خۆی دابخات.. لەمانە مەبەستم ئەوەیە کە ڕوانگە جگە لە مەسەلە ئەدەبییەکە، لەناو باسوخواسە گشتیەکانیشدا بوو.

دیارە ئێمە ئەوکات وەك ئەدەب، وەك شیعر نمونەی بەهێزمان لانەبوو، بۆ ئەو بانگەشانەی ئەمانکرد. من پێموایە ئەو ئەدەبە نمونەییەی ئێمە باسمان ئەکرد لەناوەراستی حەفتاکاندا دەرکەوت، پێش ئەوە شتی تاك و تەرا هەیە، بەڵام لە (۱۹۷۵ )ەوە کاری گەورەمان بەدەرکەوت و بەرهەممان بلاوکردەوە.

زەنگ: بەپێی لێدوانی ئەندامانی گروپی کفری، بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە پەخشانە شیعر یەکەمجار ئەوان ڕێچکەکەیان شکاند، واتا ئەوان هەڵگیرسێنەری شیعری نوێی کوردین دوای گۆران؟

*ئەشێت وابێت، چونکە ئەوان، بەتایبەتی لەتیف هەڵمەت و لەتیف حامید لەژێر کاریگەری جەماعەتی کەرکوکدا بوون..

زەنگ: جەماعەتی کەرکوك کێ بوون؟

*جەلیل قەیسی و ئەوانی تر.. مەبەستم لەوانەیە کە بەعەرەبی ئەیاننووسی وەك فازڵ عەزاوی و جەلیل قەیسی، چونکە ئەوانیش لەکەرکوك بوون.. ئەمە خاڵێکە کەم باسکراوە، خۆ ئەوە خراپیش نەبوو، من پێم باشە کە لەژێر ئەو کاریگەرییەدا بوون، ئەوە خەوش نییە.

مەسەلەی کێ لەپێشە و کێ لەدوایە گرنگ نییە، مەسەلەی بەردەوام بوون گرنگە.. گرنگ ئەوەیە تۆ چەند شتی تازە ئەبەخشی و چەندیش بەردەوام ئەبیت. من پێموایە دیوانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان) یەکێك بوو لە دیوانە جوانەکانی لەتیف هەڵمەت. ئێمە پەیوەندیشمان ئاسایی بوو لەگەڵ یەکدا، ئەوانیش رۆڵی باشیان هەبوە لەباسی تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا، بەڵام من بانگەشەم نییە و لام وایە پێویست ناکات بڵێم وام کردوە و ئەمەم کردوە، ئەوە با خوێنەر حوکم بدات. دیسانەوە ئەیڵێم ئەو کاتانە شتێك نەبووە بەناوی (گروپی کفری)یەوە.

زەنگ: هۆی چی بوو ئەو سەردەمە ئەو کرانەوەیەی لەناوەندە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکەدا لەبەردەم ڕوانگەدا هەبوو، بۆ گروپی کفری نەبوو، بۆ نمونە ئێوە گوێتان لێدەگیرا، لەرۆژنامەدا بەرهەمتان بڵاودەکرایەوە، کۆڕتان بۆ ئەبەسترا، بەڵام بۆ ئەوان وانەبوو؟

*نەخێر وەك یەك بووین، ئێمە هەموومان ئەندامی یەکێتی نووسەران بووین..

زەنگ: بۆ نمونە مامۆستا لەتیف هەڵمەت زۆرجار باسی ئەوەکات کە لەکۆڕێکدا ئەوانیان لەسەر شانۆ هێناوەتە خوارەوە و بواری قسەیان پێ نەداون بەڵام بۆ ئێوە بارەکە ڕەخساو بووە..

*ئەوە پەیوەندی بە ئیدارەی یەکێتی نووسەرانەوە هەبوە، ئێمەش وەك ئەوان بانگ کراوین..

زەنگ: پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی دەرفەتەکە زیاتر بۆ ئێوە بووە؟

*ئەزانی مەسەلەکە چی بوو، من لەبیرمە ئەو وەختە بابڵێین ئەوان برادەریان تیابوو ئەچووە سەر شانۆ، شیعری ئەخوێندەوە و بنێشتیشی ئەجوو! ڕەنگە ئەمە لەلایەن کەسێکی ئیداری ناو یەکێتی نووسەرانەوە قبوڵ نەکرێت.. وەك وتم ئەگەر دەرفەتیش هەبوبێت، پەیوەندی بە ئێمەوە نەبووە.

زەنگ: دوا پرسیار ئەکەم. لەتیف هەڵمەت ئەڵێت من دوا ئیمپراتۆری شیعری کوردیم، ئەی شێرکۆ بێکەس چۆن پێناسەی خۆی ئەکات؟

*(پێکەنین) من نە خۆم بە ئیمپراتۆر ئەزانم و نە لە شیعریشدا ئیمپراتۆر هەیە، چونکە شیعر بەردەوام لەتازەبوونەوەدایە.. من هیچ پێناسەیەکم بۆ خۆم نییە تەنها دەڵێم: شاعیرێکی کوردم، لەگەڵ هاوڕێکانمدا لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا رۆڵێکم هەبوە و بەردەوامیشم، ئەگینا نە ئیمپراتۆرم، نە سوڵتانم و نە هیچ شتێکم..

تێبینی:

ئەم چاوپێکەوتنە لە ژمارە (٣٢)ی هەفتەنامەی زەنگ بڵاوکراوەتەوە کە هەفتەنامەیەکی گشتیی ئازادە و لە گەرمیان دەردەچێت.

هەر بەڕێزێك وەڵامی هەبێت بۆی، دەتوانێت بینێرێت بۆ ئەم ئەدرێسە: samankarim@maktoob.com